فیلەمێروو

جێگر بەختیار



٢١ی نۆڤێمبەری ٢٠٢٦ چیرۆک

بە یەک قەپ دەیتوانی ملم بقرتێنێت و ســـەرم لووش بدات، بەڵام چاوەڕێی کردووە تا بەئاگا هاتوومەوە. پێش خۆراوا بوونە، لە خوار قەڵا پیاســـەم دەکەم، عولە دەمانچە و عوســـە تاقانە ســـەروســـەکوتیان بە دیار دەکەوێت. عولە لە دوورەوە دیارە، لەژێر بلوزەکەی و لەبن باڵی شتێکی شاردووەتەوە، عوسمان ڕووخساری دەگەشێتەوە، ئەگەر بیاناسی دەزانی، شتێکی باشیان دزیوە و نەگیراون. دەگەینە یەک، تاقانە دەڵێت: ئەفەندی، ئەگەر گەلە ئیزنت دەدا پاش عیشایە دیار بە.

دەزانم مەبەســـتی چییە. پێـدەکەنم و دەڵێم: لە نیوەڕۆوە گەلە دەریکردووم. (پێـدەکەنین) دریژەی پێ نادەین، دەچمە چایخانە و ئەوانیش هەری یەکەی بەلایەکدا دەڕوا. دەزانم دەبێ دواتر هەر یەکەمان چی بکەین و بچینە کوێ، لە دوای ڕاپەڕینەوە زۆر شـــەو لە پشـــت ســـەیتەرەی دادەنیشـــین، زۆر جار من دوو بیرە دەبەم، دەزانم لەوە زیاترم پێ ناخوڕێتەوە، بەڵام عـــوســـــە و عـــولە و خـــولە هەتـــا پـــێـــی دەکەون دەخـــۆنەوە. بەر لە هەموویان دەگەمە وێ و جێیەکی باش دەگرم، ئێوارە لە شـــێخەڵای لایێکی ســـتیلی باشـــم کڕیوە، ئەگەرچی مانگەشـــەوە، دەتوانی بەباشـــی هەموو شـــتێک ببینیت، بەڵام بۆ دڵنیابوون لایێک لە دەوروبەرم دەدەم و بەوردی چاوم دەگێڕم، هەموو کون و کەلەبەرێک دەپشـــکنم، نەکات شـــتێکی نامۆ هەبێت، یان لە شـــوێنێکی پیس دابنیشـــم. ئەم کەڕەتە بوتڵە ئارەقێکی فەل و قاپێک جاجیکی پڕ لە سیر و شبیتم هێناوە، خولە دەیت و ئەمانە دەبینێت، لە حریتەی پێکەنین دەدات؛

-بەخوا ئەمشـــەو دەبینە فلیم. ئەتۆمان هەبوو بمان بەیەوە، قاپە عارەقێکی بخۆیەوە دەبیە عـــارەبـــانە و مـــاڵەوە پـــێـــنـــازانـــیـــیەوە، ئەوجـــا کـــێ بـــمـــان بـــاتەوە؟ هـــاهـــاهـــا عولە ئەوەی ئێوارە لەبن باڵی شـاردبوویەوە دەیهێنێتە دەرەوە، دوو چارێک وێسـکی و نیو کیلۆ بریشکە. دەڵێم: دەزانم گولەبەرۆژەکەت کڕیوە بەس هەبی و نەبی ئەو وێسکییەت دزیوە. دەڵێت: دزی باشترە لەو کوپەزێڕانەی ئەتۆ بە دوایاندا دەگەڕێیت و هەتا ئێستا تەڕەماشیشت نەدۆزیوەتەوە. لە دەوری یەک دانیشین و دەخۆینەوە، پێک بە پێکی دەکەوێتەوە، هێدی هێدی شـــەو تێدەپەڕێت و ســـەرمان گەرم دەبێت. بەردەوامین تا ئەوەی چیتر توانای دانیشـــتنم نامێنێت، پاڵ دەکەوم و لە ئەستێران دەنواڕم، جار جارە وەک یاری لایتە ستیلەکەم پێ دەکەم و دەکوژێنمەوە، عولە لەبەرخۆیەوە گۆرانی دەڵێت، منیش بە دوایدا مینگە مینگم لێوە دێت و پێم وایە لە دوای دەڵێمەوە، ئەوە دواین شتە بەبیرم مابێت، نازانم خەوم لێ کەوتبوو یان بۆ چەند چرکەیەک چاوم داخســـت بوو، بەڵام کاتێک چاوم هەڵێنا، بە باشـــی پێشـــی خۆمم

نەدەبینی، هەستم بە قورساییەک کرد لەسەر شانم، دەستم گێڕا تا لایتەکەم دۆزییەوە، دام گیرساند، بینیم جانەوەرێک بە خێرایی پڕی دامێ و دەمی خستە سەر ملم. دەستم شل بوو و هێز لە گیانم نەما، لایتەکەم لێ بەربووەوە و زەندەقم چوو. ســـەرەتا نەمزانی چ ئاژەڵێکە، دەمی لابرد و کەمێک دوور کەوتەوە، لایتەکەم هەڵگرتەوە و ڕووناکییەکەم خســـتە ســـەری، موچڕک بە گیانمدا هات. بە هەموو تەمەنم مێرووی وەها گەورەم نەبینیبوو، لە ژیانمدا نەمبیســـتووە مێرووی وا هەبێت. لە بەر دەمم دەهات و دەچوو، بەخێرایی جوولّەی دەکرد، دەتگوت ســـەری لێ شـــێواوە و نازانێت چی بکات. هەســـتامە ســـەر پێ و ویســـتم ڕا بکەم، چاوێکم لە دەوروبەری خۆم کرد، نە عوســـــە لەوێ مابوو، نە خولە و عولە. وام بە خەیاڵدا هات، هەر ســـێیانی قووتداوە و نۆرەی منە. مێرووە گەورەکە ڕووی لێم بوو، بەخێرایی هاتە پێشـم. دوو پەلی پێشـەوەی خسـتە سـەر کەتافی چەپ و ڕاسـتم، دوو پەلی دیکەی لە هەوادا مانەوە، دووانیشـی لەسـەر زەوی چەقاند بوو، شـتێک جار جارە لە ڕانەکانی چەپم یان ڕاست دەخشـا، هەندێک جاریش بە قونم دەکەوت، وام بە خەیاڵدا هات ئەوە سـمێڵەکانیەتی. دەمی لە گەردەنم نزیـک کردەووە. لە جێگەی خۆم چەقیم، نەمـدەزانی چۆن خۆم ڕزگـار بکەم، چۆن سـەرم لەنێوان دوو داسـی دەوری ملم دەربهێنم. شـێوەی دەمی وەک دوو داسـی گەورە وا بوو، دەیتوانی لێکیان بدا و ملم قووت بکات.

– ئێسـتە چی بکەین شـاژنەکەم؟ نەمزانی ئەو دەنگە لە کوێوە هات، دەنگەکە لە دەنگی کچێکی منگن دەچوو، بەڵام ڕوون بوو قســـــەی لەگەڵ مێرووە گەورەکە دەکرد، مێرووە گەورەکە بەریدام، نەمتوانی جلّەوی خۆم بکەم و بە پشـتدا کەوتم. لە دەوروبەرم ڕووانی، ئاراسـتەی لایتەکەم لە بنج و بناوانی ناوچەکە دا، هیچ کەس دیار نەبوو. بە خۆم دەڵێم: (ئەو کچە لە کوێ دەنگی دەهات؟)

مێرووی گەورە بە پەشۆکاوی دەهات و دەچوو، لەبەر خۆیەوە قسەی دەکرد، دەمتوانی گوێم لە دەنگی بێت، بێ ئەوەی تێبگەم باسـی چی دەکات. ئەو وشـانەی دەری دەبڕین هیچیان پیتی

(ر) ی تێدا نەبوو، یان من نەمدەتوانی هەســـت بکەم تێیدایە، لەبری ئەوە هەندێک جار پیتی (غ)یکی لاواز لە جیاتی (ر) دەردەبڕێت.

کەمێک کشامە دواوە، لایتەکەم ئاراستەی قوونی تا تەوقی سەری کرد، قوونی لە ئیستکانە چایەکی گەورە دەچوو، بەرزییەکەی نزیکەی مەترێک بیت، ئیســـتکانێک چای بە ڕەنگ. ناوەڕاست و سەریشی ڕەشی قەترانی بوو.

مێرووە گەورەکە وەســـتا و ڕووی بە لای ڕاســـتدا ســـووڕاند، ئاراســـتەی لایتکەم لەگەڵ سووڕانی سەر و بەدەنی مێرووەکە سووڕاند بۆ ئەو شوێنەی لێی دەڕوانی، بینیم سەیری تەپۆلکەیەک دەکات، کە هێندەی بوتڵە ئارەقێک بەرز دەبوو، ســـەرنجم دا مێرووی بچووک بە ڕیز دێنە دەر و دەچنە ناو کونی ســـەر تەپۆلکەکە. لە دوای عێشـــاوە لێر دەخۆینەوە کەچی ئەم تەپۆلکەیەم نەبینیووە، لەوەش نـاچێت نوێ بێت و تـازە چێ کرا بێت، گڵە دەردراوەکە تەواو وشک ڕەق بوو.

مێرووە گەورە، وەک ئەوەی لەگەڵ یەکێ قســـە بکـات گوتی: دڵنیـای ئەوە نـاو قەڵات شـاغەزایە. (مەبەستی مێرووەکە ئەوە بوو کە ئایا دڵنیایە کە من ناو قەڵات شـارەزام. بەڵام لەبەر ئەوەی نەیدەتوانی پیتی (ر) بەباشی دەربببڕێت، لەبری ئەوە (غ)ی لاوازی بەم شێوەیە دەری بڕی کە لێرە وەک خۆی نووسیومەتەوە، بەڵام لە قسەکانی دواتری وشە دروستەکان دەنـــووســـــمەوە تـــا لە کـــاتـــی خـــوێـــنـــدنەوە تـــووشـــــی هەڵە نەبـــن.) دەنگی کچە منگنەکە هـاتەوە، ئەو کـات من تەواو نزیـک بوومەوە لە کونە مێرووەکە و سەیرم دەکردن.

– بەڵێ خاتوون، ئەوە دزی ئاسارە و چەند مانگێکە زۆرینەی شـەوان لەناو قەڵات بە خۆی و پاچێک، بە دوای ئاساردا دەگەڕێت.

سەیرێکی مێرووەکانم کرد نەمزانی کامیان بوو ئەو قسەیەی کرد، دەتگوت جیوەن، عەجمانیان نەبوو، بۆ ساتێکیش نەدەوەستان، یەک دەهات و یەک دەڕۆیشت، ئەوەی سەیر بوو، قسەکەی ڕاست بوو.

-شاژنەکەم متمانەم پێ بکە. سەیری خۆت بکە چەند لاواز بوویت، وا بڕوا هیچت تێدا نامێنێتەوە.

ئەوە دەیگوت چی؟ یانی شاژن هێشتا گەورەتر بووە لەوە و ئێستە بچووک بووتەوە!

-زۆرە بەخوا زۆرە شاژنەکەم، هەر کاتژمێرەی چەند کیلۆیەک لە کێشت دابەزێت. ئەم دەنگەیان هی مێرووییەکی دردۆنگ بوو. ئەگەرچی بە هەمان شێوەی کچە منگنەکە دەنگی ناسک بوو و دڵنیاش نەبووم کام مێرووییە دەدوێ، بەڵام بۆ کەسێکی وەک من کە دەیان شەو گوێم لە زرینگەی قولّینگەکەم گرتووە، ئاخۆ بەر زێڕ دەکەوێت یان ئاسن و تاشەبەرد، جیاکردنەوەی دەنگەکان لە یەکتری ئاسان بوو.

-سەیرکە کوڕە، من شاژنی مێروستانم، ساڵە و ساڵ لەسەر هێلکانم، سێسەد ساڵە حوکمڕانم، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا وان لەژێر پەلانم. چەند شەوێکە لە ژێر زەوی هاتوومەتە دەرەوە، بەهۆی پیلانگێڕییەکەوە هەموو دەروازەکانی چوونەوە کۆشکیان لێ گرتووم. تاکە ڕێگەیەک بتوانم بچمەوە ناو کۆشکەکەم، ڕێگەیەکی نهێنییە لەناو قەڵات ئەویش پڕ مەترسییە و ئەگەری تیاچوونمان سەد لە سەدە، تەواوی ڕێگاکانی دیکە گیراوە و کیژە بچووکەکەم خوشکە گەورەکەی خۆی کووشتووە، هەرچی هێلکەیە شکاندوویەتی و دەسەڵاتی گرتووەتە دەست. ئێستەش وا لە کێشی من کەم دەکات و لە کێشی ئەو زیاد دەبێت. ئەگەر لە ماوەیەکی نزیک نەگەمەوە کۆشک ئیتر کێشم نامێنێت و تەواوی دەسەڵاتم لەدەست دەدەم. لە دوێنێ شەوەوە سەربازەکانم ڕاسپاردووە کەسێکی شارەزا بدۆزنەوە ڕێبەریمان بکات بۆ ناو قەڵات، ئەوانیش پێشنیاری تۆیان کردووە.

-بەڵام چۆن وا بەئاسانی توانیویەتی دەسەڵات بگرێتە دەست، لە کاتێکدا تۆ شاژنی؟

–داپیرە گەورەم دوای خۆی دایکم و دایکم دوای خۆی من بەم شـــێوەیە فەرمانڕەوایمان گرتووەتە دەســـــت. دواتر دەبوو دەســـــەڵات لە منەوە بگوازرێتەوە بۆ کچە گەورەکەم. هەر کەســێک هەوڵی دا با دەســـەڵات بگرێتە دەســـت، بەئاســـانی نەیدەتوانی. هەر کرێکارێک نیازی پیســـی هەبووایە، ســـەربازەکانم زوو هەســـتیان پێ دەکرد، بە زووترین کات کەســـی هەڵگەڕاوەیان دەســـتگیر دەکرد هەر شـــەش پەلیان دەردەهێنا و وردوخاش دەکرد. هەرگیز کەس گومانی لە کچە بچووکەکەم نەکردووە، متمانەی زۆم پێی هەبوو، دەسەڵاتم پێی دا، نەم دەپرسـی چۆن و بۆچی بەکاری دەهێنێت. تازە زانیوومە دەیان ساڵە بەنهێنی خەریکی کاری ڕێخســـتن و ڕێخراوەییە، بەشـــێوەیەک ســـێیەکی کرێکارانی مێرووســـتان چوونەتە ناو ڕێخراوەکانی لە من هەڵگەڕاونەتەوە. ڕەگ و ڕیشـەی لە تەواوی بنج و بناوانی مێروسـتان داکووتیوە. هەواڵدەرەکەم گوتی: بیرکردنەوەی ســەربازەکانی گۆڕیووە بەشـێوەیەک، کە حەز بکەن کرێکار بن، لەبری ئەوەی بە هەمیشـــەیی ســـەرباز بن. جگە لەمە ڕێککەوتنی لەگەڵ ســـوپای مێرووخۆرکەدا کردووە، ئەوانەی لە ســـەرەتای بوونیانەوە دوژمنی ئێمەن و لێمان دەخۆن، ئێستە ئەوانی هێناوەتە سەر شاری مێروان تا بە دەرمان بنێن، حەزی چونە سەر تەخت بەرچاوی ڕەش کردووە. دوای دەرچوونم لە کۆشـــک، هاتم شـــانە و خانەکانی ژێر دەسەڵاتم بپشکنم، شازادەی بچووک ئەو دەرفەتەی بەکار هێناوە و ئەم کودەتایەی کردووە. تا دەسەڵاتم زیاتر لەدەست بدەم کێشم کەمتر دەبێتەوە، جا تا کێشم تەواو کەمی نەکردووە دەبێت بگەڕێمەوە کۆشـــک و ســـەری لە ملی جیا بکەمەوە. تۆ ناو قەڵات شـــارەزای؟ گوتم: بەڵێ

ناوونیشـانێکی پێ گوتم، شـەوی پێشـوو لە نزیک ئەوێ بە دوای ئاسـاردا دەگەڕام، خانووی مـاڵە جـوویەک بـوو، پەنـجـا بـۆ شـــەســـت ســـاڵـێـک دەبـێـت چـۆڵ کـراوە. شـــاژن گـــوتـــی: خـــێـــراکە تـــا نەبـــووە بە بـــاران. سەرم بڵند کرد، ئاسمان ساماڵ بوو، پێ نەدەچوو ببێتە باران، ئەگەرچی ئێستا پاییزە، دەکرێ

لە هەر خولەکێک بێت کەشەکە بگۆڕێ، بەڵام ئەمشەو وا هەست ناکەم. پێم گوت: ئەی هاوڕێکانم؟ خواردنت؟ گوتی: کە هاتم کەسی لێ نەبوو جگە لە تۆ. بە پێش شاژن کەوتم، لایتێکم لە دواوە دا، بینیم یەک ڕێز میٚروو تا چاو بڕ دەکات لە دواوە دێن.

چەند مانگێکە یونسکۆ بڕیاری داوە پاسەوانی لە قەڵا بکات و نەهێڵێت دەستکاری بکرێت. هەموو دەرگەکانی چوونە ناو قەڵا داخراون، تاکە شوێنێک، بتوانێت لێوەی بچێتە ناو قەڵا ئەو دیوارەی بەرانبەر منارەیە، سەڵی پار بە هۆی بارانەوە بەشێکی لێ ڕماوە. سەرکەوتن بەسەری ئاسان نییە، تا دەگەمە سەر دیوارەکە زۆر جار سەر ئەژنۆکانم هێندەی لە خشتەکان بخشێن دەڕووشێن، ئانیشکەکانم بە خۆهەڵواسین بریندار دەبن. چەند جارێکیش پێم خلیسکاوە و خەریک بووە بەر ببمەوە ملم بشکێت. ڕەنگە بۆ ئەم میٚرووانە ئاسانتر بێت و پەلەکانیان لە خشتەکان گیر بکەن و سەر بکەون. کە دەڕۆیشتین بە ڕێگەدا، میٚرووی گەورە هێندە شڵەژاوانە هەنگاوی دەنا جار جارە بە لای چەپم یان ڕاستم سەری دەهاتە پێشم و دەیکشاندە دواوە، بەر لەوەی بگەینە قەڵات بیرۆکەیەک بە میٚشکمدا هات، وەستام؛

-بوەستن. لەگەڵتان نایەم.

ئەو دەم کە ئاراستەی لایتەکەم لە سەری شاژنم کرد و نەمدەزانی چاوەکانی لە کوێن تا چاو ببڕمە چاوی، بەڵام دڵنیام ئەو چاوی بڕیبووە ناو چاوم.

-پاداشتی من بۆ ئەم کارە چییە؟

شاژن هاتە پێش و پەلی ڕاستی لای پێشەوەی بەرز کردەوە، تا بیدات لە ناو دەمم. چاوم داخست و خۆم چیڕ کردەوە، چاوەڕێ بووم بە ناو دەمم بکەوێت، بەڵام وەکوو ئەوەی بیری

لە مردنی من کردبێتەوە و شـــکســـت هێنانی گەڕانەوەی خۆی لەبەر چاو گرتبێت، لە لێدانم پەشیمان بووەوە.

-چیت دەوێت، زوو بیلێ.

-مێرووەکانت شوێنی کوپە زێڕەکانم پێ بڵێن. ئەوان بە هەموو کون و کەلێنێکدا دێن و دەچن دەبێت تا ئێستە کوپەی زێڕیشیان بینیبێت.

کەمێک هاتووچۆی کرد و هاتەوە بەردەمم.

- یەک کوپە زیاتر نا!

گوتم ڕازیم، دەمزانی لە ناچاریان ڕەزامەندی داوە، هیچ ڕێگەیەکی دیکەی لە بەردەمدا نەبوو، بەڵام ئەوە بۆ من خراپ نەبوو. ئەمجارە بە جۆش و خرۆشـــەوە بە پێشـــیان کەوتم. ئەگەر کوپەیەک بـدۆزمەوە و بیبەمەوە، بۆڵە بۆڵی گەلە دەبڕێتەوە. هەر هێنـدە لە دەرگە بچمە ژوورەوە بڵێم گەلەکەم، گەلاوێژێ. ئەویش بەرەو لام بێت و بڵێت هـا ئەفەندی. لە بەژن و بەڵای بڕوانم، کە هێندە و نیوێکی من دەبێت و لەچکێکی ڕەشـــی لەنێو چاوی بەســـتووە و کەمەری مەکسـیەکەی کۆ کردۆتەوە و خسـتووتە ناو دەرپێکەی. بەرانبەرم ڕاوەسـتاوە وەک ئەوەی بیەوێت یەخەم بگرێت و بڵێت: نەمگوت نەیەیتەوە مااڵ؟ لۆ هاتییەوە؟ لۆ خۆت بە دوای زێڕیدا گەڕابای، بزانە گەنجی قاروونت نەدەدیتەوە، بزانە قاســـەی ســـلێمانت نەدەکردەوە؟ ئەمنیش پێی بڵێم گەلە گیـان، ئەوەتە دۆزیومەتەوە! ڕەنگی زێڕی لە چـاوی بچەقێت، چـاوی زەق دەبێت، تۆند لە باوەشـــم دەگرێت و بە خۆیم دەنووســـێنێت، دەڵێم: بەرم دە ژنەکە بەرم دە، خنکام.

-لێرە سەر دەکەوین؟

شاژن لەو خەیاڵانەی پچڕاندم، ئاوڕم دایەوە تا وەڵامی بدەمەوە. چاوم نەی بینی، بە لایتەکەم بە ڕووناکی ئاراسـتەی چەند لایەک کرد، تا بیدۆزمەوە، چەند مەترێک لە دواوەی من وەسـتا

بوو، بینیم شاژن بچووک بووەتەوە، ئێستە بەژنی کەمێک لە من کورترە، ملانەی لەگەڵ بگرم لە عەردی دەدەم.

ئاماژەی پێ دام خێرا بم، دوای ماوەیەک زۆر لە ڕێکردن، گەیشـــتبووینە بەر دەمی قەڵا و بە هەورازەکەی پێشـــی خۆم هەڵگەڕام. نزیک بووینە لە دیواری قەڵا، هێندەمان زانی دونیا یەک پارچە بووە ڕۆژی ڕووناک، بروســـک تەزووی نارد و هەور گرماندی. ســـەرم بڵند کرد، تا ســـەیری لا دیوارە ڕوخاوەکەی قەڵا بکەم، بینم ڕەش دەنوێنێت، مێرووەکان وا خەریکن پێیدا هەڵدەگەڕێن، تەنیا شاژن تا وەکات لە دوای من مابووەوە. پەلێکی گەیاندە پشتم و گوتی: خێرا کە.

وەک شـەوانی پێشـوو، بە دیواری قەڵا هەڵزەنام و هەوڵم دەدا بچمە سـەری. لەپڕ دای کردە ڕێـژنە بـاران، دووداڵـی کـردم، نەمـدەزانـی ئـاخـۆ ســـەر بـکەوم یـان بـگەڕێـمەوە. لایتێکم لای خوارەوەم دا، شـــاژن چاوەڕێی من بوو، بە ســـەری ئاماژەی پێدام بەردەوام بم. هەوڵێکی ترم دا و دەسـتی چەپم خسـتە سـەر دیوارەکە و توند گرتم، بە دەسـتی ڕاسـتم کە لایتەکەم گرتبوو، هەوڵم دەدا مەچەکی ئەو دەستە بخەمە سـەر دیوارەکە. خۆم کۆ کردەوە تا بەرز ببمەوە سـەر دیوارەکە، لەپڕ کۆمەڵێک مێروو بەسـەر دەسـتم هەڵگەڕان، دەسـتم لەسـەر دیوارەکە کەمێک ترازا و پێی ڕاسـتم خلیسـکا. پێڵاو لە پێم کەوت و پەنجەی گەورەم ئازاری پێگەیی. بە خێرایی خۆم ڕێکخســتەوە، توند خۆم گرتبوو بەرنەبمەوە. ســـەرەتا وامزانی تەنیا هێرش کراوەتە سـەر من وەک ڕێبەری مێرووەکان، بەڵام کە سـەیری خوارەوەم کرد، شـاژن لە شـــوێنی خۆی نەما بوو، کەمێک لەولاتر لەگەڵ کۆمەڵێک مێروی دیکە شـــەڕ دەکرد و سەریانی قووت دەکرد. کە بەلایتەکەم سەیری مێرووەکانی ترم دەکرد، کۆمەڵ کۆمەڵ دەورە درا بوون.

یەکێک لە مێرووەکان هاواری دەکرد: مێروخۆرەکان هاتن! کە ئاراســـتەی لایتەکەم لێ کردن، بینیم مێروخۆرەکان بریتی بوون لە خمخۆک و پیســـپیۆک، کە هێرشـــیان دەکردە

سـەر مێرووەکان، کاتێک دەگەیشـتنە نزیک مێرووەکان، زمانێکی درێژیان دەردەهێنا و مێرووەکانیان لول دەدا و دەیانخستە دەمییان. دەنگی گوللە و زرینگەی شمشێر نەدەهات، بەڵکوو دەنگی نامۆترم دەژنەڤت، لە دەنگی شکانی شووشە دەچوو، یان دەنگەکە هی ئەوە بێت، کە منداڵێک لە تەنیشـتت دانیشـتبێت و شـەکرۆکە بکرۆژێت. ئەوەی جەنگەکەی نابەرانبەر کرد بوو، مێرووخۆرەکان بوون. هەر چۆنێک بوو خۆم گەیاندە سـەر دیوارەکە، بانگی شـاژنم کرد، بە خێرایی بەناو نەیارەکانی هەنگاوی دەنا و بە دەم ڕێگەوە پێی لێ دەنان. بە دیوارەکە هەڵگەڕا و دەستێکم بۆ درێژ کرد تا پەلی بگرم و ڕایبکێشمە سـەرەوە. گەیشـتە سـەر دیوارەکە لەلای منەوە وەسـتا، پەنجە گەورەی قاچم زۆر ئازاری هەبوو، لایتێکم لێدا، بینیم خوێنی لێ دەهات، لە ناوەڕاستی نێونەکە و تا کۆتاییی پەنجەم تەقی بوو. شاژن بانگی هەندێک مێرووی کرد، کە هێندە نەبوو گەیشتبوونە سەر دیوارەکە، پێی گوتن: تیماری کەن.

گوتم: جارێ نا دوایی.

لەسـەر دیوارەکە مابووینەوە، ڕێژنەبارانەکە وەسـتا، بە لایتەکەم ناو قەڵام پشـکنی، دیوی قەڵا پڕ بوو لە سـوپای مێرووەکان و مێرووخۆرکەکان، دەبوو یان بڕیاری بەردەوامی جەنگ بدەین یانیش بکێشـینەوە. شـاژن هێندەی تر کێشـی کەمی کرد بوو. کەلایتەکەم ئاراسـتەی دوورترین مەودای ناو قەڵات کرد، بینیم مێرووێەکی دیکەی گەورە لە دوای هەموان وەسـتا بوو، بەژنی بە قەد بەژنی ئێسـتای شـاژن دەبوو. هاواری کرد: خۆت بەدەسـتەوە بدە پیرێژن، بەهێزتر دەبم و گەورە تر دەبم. زانیم لەگەڵ شـاژنیەتی. هێشـتا ئێمە بڕیارمان نەدا بوو ئاخۆ بەردەوام بین یان نا، ئەوان هێرشـێکی تریان دەست پێ کرد، لە ڕێگەی مێرووی باڵدار پەلاماریان داین، مێروو بە هەموو گیانمدا هەڵدەگەڕا، گازیان لێدەگرتم. مێرووی باڵدار خۆیان بە دەموچاومدا دەدا. تا دەهات ژمارەی هێرشبەران زیاتر دەبوو، وای لێ هات تەواوی لەشیان دا پۆشیم. هاوسەنگی خۆمم لە دەستدا و بە دیوی

قەڵاتـدا بەر بوومەوە، بێهۆش کەوتم، ئیتر نەمزانی مێرووەکـان چیـان بەســـەر هـات. هێشـتا چاوم نەکرابووەوە، دەنگی گەلە دەهاتە گوێم، خۆی لە عوسـمان و عولە و خولەی تووڕە دەکرد. چـاوم هەڵگوفـت، وردە وردە کردمەوە، بە دەوەری خومـدا ڕوانیم، بینیم لەســـەر قەرەوێڵەی نەخۆشـــخانە کەوتووم، خولە دەیگوت: ئێمە زووتر گەڕاینەوە ماڵەوە، ئەو بێتاقەت بوو، دەیویســـت زیـاتر بمێنێتەوە، نەمـانزانی دەچێتە قەڵا و لە دوای کوپەی دەگەڕێـت و وای بەســـەر دێـت، دەنـا بەجـێـمـان نەدەهـێشـــت. گەلە دەیگوت: تەواوی ئەمڕۆ بە دوایدا گەڕاوین، کە دۆزیمانەوە، لەناو قەڵای کەوتبووە ناو قوڕ و لیتە. مێرووە لێیدا بوو.

عولە دەیگوت: هەر بـاشـــە مـاوە. کوپەی زێڕ مێشـــکی ئەو کوڕەی تێکـداوە. هەموو گیانم ئازاری هەبوو، هەسـتم دەکرد پێسـتم بەتەواوی سـووتاوە. نەمدەتوانی هیچ قســـەیەک بکەم، پەرســـتارێک هات پەنجەی پێی تەداوی کردم، کەمێک خۆم قیت کردەوە، بەڵام نەمتوانی زۆر سـەرم بەرز بکەمەوە، ڕوانیمە پەنجەی گەورەم، خاڵی بچووکم دەبینی لەســـەر برینەکەم، نەمزانی ســـەری مێرووە بوو، یان بە داو تەقەڵیان لە برینەکەمدا بوو. پێنج ڕۆژ لە نەخۆشـــخانە مامەوە، دوای پێدانی ڕێنماییی دکتۆر دەبوو بگەڕێینەوە ماڵەوە. گەلە لە دەرەوە لەگەڵ دکتۆرەکـان دەدوا و ڕێنمـایی وەردەگرت، منیش لە پەنجەرەوە دەمڕوانییە دەرەوە. پێش ئەوەی پەنجەرەکە جێ بێڵم، لەســـەر دەلاقەکەی مێرووێەکی بچووکم بینی ئەمسـەر و ئەوسـەری دەکرد، وەک ئەوەی شـتێکی لەبیر چووبێتەوە و هەوڵ بدات بیری بێتەوە.

بە خۆمم گوت: دەبێت ئەوە شـاژن بێت، دوای ئەو هەموو ماوەیە تەواوێک کێشی لەدەست داوە و ئێسـتا مێرووێەکی ئاسـاییە، چاوی لە دەسـتی منە، کارێکی بۆ بکەم. سـەیرێکی دەوروبەرم کرد، کەس دیار نەبوو، بە پارچە کاغەزێک کە لەوێ کەوتبوو، مێرووەکەم پێی

هەڵگرت و خســـتمە گیرفانی کراســـەکەم، دەمم لە گێرفانەکەم نزیک کردوە و چرپاندم: دەتگەیەنمەوە سەر تەختی خۆت، خاتوونەکەم، جارێکی دیکە هەوڵ دەدەینەوە.